## حیزب و نهێنی ... مەریوان

خوێنەران:

من لاینگرێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانم و خۆشم لە هەموو کەس بە کوردستانیتر دەزانم. چەند نوکتەیەك هەیە کە بە پێویستم زانی کە لێرەدا باسی بکەم، هەرچەند کە بە داخێکی گرانەوە نەدەبوا لە کەرەستەی راگەیاندنی گشتیدا مەسائیلی ناوخۆی حیزبێکی لە حاڵی شۆڕشدا کەوێتە بەر باس و بڵاوبێتەوە.

بەڵام ئیستا هێندێ لە لاینگران و دۆستانی و هەروەها دوژمنانی هەمیشەی کوردو کوردستان بە شێوەیەکی خراپ و دوور لەعەداڵەتێك ئەو مەسەلانە دێنە بەر باس. لەو پێوەندییەدا پێم وایە:

1. ئەو کەسانەیی کە وەك دۆست و لاینگری حیزب لە سەر ئەنتەرنێت شتی نێوخۆی باس دەکەن ئەگەر خۆیان وەك کورد لە قەڵەم دەدەن، با بچنە پشتی تریبون، یان راستەوخۆ بچنە لای ئەو کەسانەی کە ئەو خراپکارییە دەکەن و پێی بڵێن و ئیسلاحی بکەن، چونکە ئەوە رێگای دروستی چارەسەری گرفتەکانە، نەك.... ؟
2. ئەی ئەو کەسانەی کە خۆتان بە لاینگرو دۆست یان ئەندامی حیزبی دەزانن: لە پێش هەموو شتێکدا تکاتان لیدەکەم کە ئەو شێوە کەڵك وەرگرتن لە ئەنتەرنێت ناڕەوایە و باس کردن لە ماسائیلی نێوخۆی یان هەڵگەڕانەوەو چەواشەکردنی بیروڕای گشتی لەتمە لە هەر کوردێك و بە تایبەتی کوردستانی رۆژهەڵات و هەروەها دۆستانی کوردیش دەدات.
3. ئەو بەرنامەیە خوراکێکی زۆر باشە بۆ دوژمنانی کورد، بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە راستیدا ئەوە بۆ دوژمنان زۆر سادە و کەم خەرج و کاراترە بۆ ئەوەی بتوانن زەبر لە جووڵانەوەی کورد بدەن. جا ئەگەر ئێمەش وەك دۆست و لاینگری حیزبی ئیدامەدەری ئەو رێگایە بین ئەوە نزیکترین بە دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە.
4. دیارە ئەو بەرنامەیەش کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تەخزیە دەکرێ هیچ کەڵکێکی بۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان نابێت، لە بەر ئەوەی کورد و کوردستان هەر کوردن و کوردستانیشن و نابنە هاودەستی دوژمنانمان.
5. دیارە ریشەی ئەسڵی ئەم برنامە داریژراوە هەر کۆماری ئیسلامی ئێرانە.
6. جا بۆیە لەو کەسانە کە خۆیان لە دوژمنان بە جیا دەزانن داوا دەکەم دەست پاریزی بکەن و درێژەدەری ئەو رێگایە نەبن چونکە درێژەدەرانی ئەو رێگایە هەر دەژمنانی نەتەوەکەمانن.
7. من لێرەدا داوا لە هەموو خەڵکی بە شەرەفی کوردستان دەکم کە ئەو شتانەیکە بە خراپ لە سەر ئەنتەرنێت دەنووسرێت و نوسراوە بە راست وەرمەگرن، چونکە خەتی ئەسڵی لە لایەن خوێنمژانی کوردەوەیە، جا ئیدی چاك دەزانن کە ئەو خوێنمژانە چۆنن و چۆن کەڵك لەو حەرەکەتانە وەردەگرن.
8. داوا لە دۆستانی حیزبیش دەکەم مەسائلی کەم کاری و خراپکاری یا هەر شتێکی دیکەی کەس یان کەسانێك نەهێنە سەر راگەیاندنی گشتیو مەڵێن کە دێمۆکراسیو ئازادی بیروراو.... یە،

من كوردێكی رۆژهەڵاتم و كوردستانیشم زیاتر لە حیزبێك یان كەسێك خۆشتر دەوێو ئەمەش كە لێرەدا باسم كردوه نە بەرژەوەندی تاكە كەسی تێدایەو نە حیزب بەڵكو لە بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی كوردی تێدایەو لە دژی دوژمنانی نەتەوەكەمانە.